# ئەوزار وەك بنەرەتيك لە ليكچواندندا، ديوانى " نالى" وەك نموونە

م. ئازد محەمەد سەعيد

## پێشەكی:

ديوانی نالی مێرگێكی بەپيت و زەمينەيێكە بۆ لێكۆڵەر لە بوارە جياجيا كانی ڕەوانبێژييدا هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ لێكۆڵينەوەی تيادا ئەنجام بدات. مەزراندنی بنەڕەتێك لە بنەڕەتەكانی لێكچوواندن كە ئەويش ئەوزارە لەديوانی" نالی " دا، لەم توێژينەوەيەدا لەوانەيە بە بەراورد بە بنەڕەتەكانی ديكەی لێكچوواندن ،زۆر سادە و سانا تر بێت و لە كاتی نەبوونيدا لێكچوواندنەكە جوانتر دەبێت، بەڵام لە هەمان كاتدا ئەدات يان ئەوزار يان ئامراز گرنگی خۆی هەيە لە دەست نيشانكردن و پێوانەكردنی جۆرەكانی ئەوزار كارێكە بۆ زياتر ناساندنی جۆر و ژمارەی ئەوزارەكان بە خوينەر و هەواداراني ديوانی نالی .

توێژينەوەكە لە پێشەكييەك و دوو بەش و ئەنجام وليستی سەرچاوەكان پێكهاتووە ڕێبازی لێكۆڵينەوەكە بريتييە لە ڕێبازی پێوانەيی شيكاريی. بەشی يەكەم ، تەوەرەی يەكەم چەمك و زاراوەی ئەوزار و بنەڕەتەكانی لێكچوواندنە لە ڕەوانبێژييدا، تەوەرەی دووەم بريتييە لە شوێنی ئەوزار لە نێوان بنەڕەتەكانی لێكچوواندندا، ديارە لێكچوواندن لە زانستی ڕەوانبێژييدا، لە ڕوونبێژيی و واتاناسيی و جوانناسيی پێكهاتووە، لە پۆلێنكردنەكەدا ئەوزار دەچێتە بواری ڕوونبێژييەوە . بەشی دووەم تەوەرەی يەكەم بريتييە لە دەستنيشانكردنی جۆرەكانی ئەوزار و پێناسەكردن و شيكردنەوەيان لە ئەدەبی كورديدا، دەستنيشان كردنی هەندێك لەو ئەوزارانەی، كە هاوبەشن لە نێوان زمانی كوردی و فارسی، كوردی و عەرەبيدا، هەروەها ژمارە و جۆری ئەو ئەوزارانەی، لە ئەدەبی عەرەبی و فارسيدا لە لايەن شاعيرانی ئەدەبی كۆنی كوردييەوە بەكارهێنراون . تەوەرەی دووەم بريتييە لە ئەژمار كردنی ئەوزار و جۆرەكانی ئەوزار لە ديوانەكەدا بە گشتی ،سنوری لێكۆڵينەوەكە ديوانی نالييە، بەڵام يەكێك لە گيروگرفتەكانی لێكۆڵينەوەكە خودی ديوانەكەيە ، كە لە لايەن چەند نووسەرێكەوە ديوانەكە نووسراوەتەوە و بە چاپگەياندراوە، لە ڕووی ژمارەی لاپەڕە و هەڵەی نووسەرەكان و هەڵەی چاپەوە جياوازيی تياياندا بەرچاو دەكەوێت. ئەنجام لە چەند خاڵێكدا دەخرێتەڕوو، دواتر كورتەيەك بە زمانی ئينگليزيی و زمانی عەرەبی بەليستی سەرچاوە و پەراوێزەكان توێژينەوەكە كۆتايی پێدێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## بەشی یەکەم :

### تەوەرەی یەکەم: چەمك و زاراوەی لێکچوواندن و بنەڕەتەکانی.

ڕەوانبێژیی ئەو هونەرەیە کە گریك و ڕۆمان و هیند و فارس و عەرەب و کورد و هتد.. بەکاریان هێناوە، لەئەدەبی جیهانیدا بەگشتی بە کارهاتووە. بەپێی پۆلینی هەرسێ پێکهاتەکەی ڕەوانبێژیی، کە بریتین لە ڕوونبێژیی و واتاناسیی و جوانکاریی، لێکچوواندن بەر ڕوونبێژیی دەکەوێت، لێکچوواندن لە چوار بنەڕەت پێکدێت، کە بریتین لە لێچوو لەوچوو ڕووی لێکچوواندن و ئەوزار. وەك بنەڕەتێك ئەوزار لە لێکچوواندندا بوونی هەیە، بەڵام هەندێك جار نەبوونی باشترە، ئەوزار لە کاتی دەرنەکەوتنیدا، دەقەکە جوانتر خۆی دەنوێنێ.

لێکچوواندن لە چوار بنەڕەت پێکهاتووە:

١–لێچوو : المشبە

٢– لەو چوو المشبە بە .

٣– ڕووی لێکچواندن :.وجە التشبیە .

٤– ئەوزار : ادات

پێناسەی هەر یەکە لە چوار بنەڕەتەکەی لێکچوواندن :

لێکچواندن : شتێك هەیە تۆهیچی لێ نازانی و شتەکە ئاشکرانییە؟ ئەو کەسەی قسەت لەگەڵ دا دەکات شتەکە دەچووێنێت بە شتێك ،کەئەوەیان لە لای تۆوە ناسراوە ، بەهۆی ناسراوەکەوە نەناسراوەکە مەزندە دەکرێت . کاتێك برۆ بە مانگ دەچووێندرێ. برۆ لەو چووە ، مانگ لێچووە . بۆی هەیە جێگۆڕکێ بن، هەروەها بە ئامرازێك لە یەك دەبەسترێنەوە و لە سیفەتێکدا هاوبەش دەبن، کە ڕووی لێکچوواندنە.

لێچوو : بریتییە لە ئەمسەری لێکچواندن .

لەوچوو : بریتییە لە ئەو سەری لێکچواندن .

ڕووی لێکچوواندن : تیایدالێچوو و لەو چوو هاوبەشن .

ئەوزار : هاوتا کردنی لێچووو لەو چووە، گەیاندنی دوو واتا بە یەکتر . ((ڕەوانبێژیی لە زماندا دەربڕینی باش و هێزی کاریگەرە ))( نبیل الزین،١٩٦٦،ص ٨ ) بەکار هێنانی ڕەوانبێژیی لە زماندا، دەربڕین بەهێز و باشتر دەکات. لێکچوواندن پێکدێت لە لێچوو ، لەو چوو ، ڕووی لێکچوواندن ،ئامراز، نموونە نەوزاد وەك پڵینگ ئازایە . نەوزاد لێچووە ، لە سیفەتێك لە سیفەتەکانی پڵینگ کە ئازایەتییە، لە نەوزاد دایە، لەو چووە کە پڵینگە،وەك ئامرازە ، ڕووی لێکچوواندن ئەو سیفاتە هاو بەشە یە لە نێوان لێچوو و لەو چوودا کە ئازایەتییە.

((ئەوزار ئەو دەربڕینەیە بە کاردێت بۆ لێکگرێدانی لێچوو. ناسراوترینیان لە زمان و ئەدەبی عەرەبیدا"الکاف" و "مپل"،و "کان" ،..هتد.لەو ئامرازانەی کە هەمان واتا دە بەخشن ،بۆی هەیە لە ڕستەیەکی لێکچوواندندا ئەوزارەکە ئاماژەی پێبکرێت یان نەکرێت ))(بن عیسا باگاهر،٢٠٠٨،ل٢١٧) لە ئەدەبدا بە گشتی ئەوزار ڕۆڵی ڕوونبێژیی دەبینێت، ئەوزار لە زمانە جیاوازەکاندا بە هاوبەشی و جیاوازیی دەبینرێن.

((زانستی ڕەوانبێژیی بریتیە لە ڕوونبێژیی و واتاناسیی و جوانکاریی و ڕوونبێژیی تایبەتە بە لێکچواندن و خواستن و خوازە و درکە . پەیوەندی بەشێوازەوە هەیە کە لەڕاستیدا هەواڵێکە یان پەخشانێکە بەکورتکراویی یان درێژیی و گەیاندن ،بەڵام جوانکاری بریتیە لە جوانکردنی وتە ، کە دابەش دەکرێت بۆ دوو بەش جوانی دەربڕین وجوانی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

مەعنەوی ،کەبریتیە لەڕەگەزدۆزی ، درکە ، سەروادار ، پۆشین ، دژیەك، بەرامبەر یەك و دابەشکردن))(نبیل الزین،١٩٦٦،ل٧) هەر یەك لە سێ دابەش بوونەکەی ڕەوانبێژی،چەند لق و پۆیەکیان لێدەبێتەوە ماڵە گەورەکەی ڕەوانبێژیی پێکدەهینن. ((لێکچوواندن دوو جۆرە، یەکەمیان لێکچوواندنێك کە ئەوزاری تێدا بێت، دووەمیان،کە ئەوزاری تێدانەبێت "لێکچوواندنی جەختاوە" لێرەدا وا لەلێکچوواندنەکە دەکات، ڕەوان و جەختاو تر دەربکەوێت ))(بن عیسا باگاهر،٢٠٠٨،ل٢١٨) بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، ئەوزار بوونی نەبێ باشترە، بەڵکو لە کاتی نەهاتن و نەبوونیشدا شوێنی وەکو ئامرازێکی مەعنەوی دیارە، لێرەدا لەکاتی نەهاتنی ئەوزاردا خوێنەر دەچێتە حاڵێکەوە وەکو ئەوەی ،کە ئەوزارەکە یان ئامرازەکە یان ئەداتەکە بەشێوەیەکی مەعنەوی بوونی هەبێت.

(( لێکچوواندن پێکدێت لەلێچوو، لەوچوو ، ڕووی لێکچوواندن ، ئەوزار ، هەندێکجار ڕووی لێکچوواندن دەرناکەوێت هەندێك جاریش ئەوزار و ڕووی لێکچوواندن بە یەکەوە دەرناکەون بەڵام لێکچوواندنەکە بە هێزتر دەکەن، بەڵام بوونی لێچوو لەو چوو مەرجی سەرەکییە لە لێکچوواندندا ))( نبیل الزین،١٩٦٦ ،ص ١٤)

نموونە ١ ـ ئەم پیاوە وەك شێرە. ٢ ـ ئەم پیاوە شێرە لە ئازایەتیدا. ٣ ـ ئەم پیاوە شێرە . لە نموونەی یەکەمدا لەچوار بەشەکەی لێکچوواندندا تەنها سیانیان دەردەکەون ، پیاو لێچووە ، شێر لەو چووە "وەك" ئەوزارە، کەواتە تەنها ڕووی لێکچوواندن دەرناکەوێت و کاریگەری لە لێکچوواندنەکە کەم ناکاتەوە .لە نموونەی دووەمدا لێچووو لەو چوو ، ڕووی لێکچوواندن ، تەنها ئەوزاری تێدا نییە ، لێرەدا لێکچوواندنەکە بە هێزتر بووە . لە نموونەی سێیەمدا تەنها لێچوو و لەو چووی تێدا دەردەکەوێت ، ڕووی لێکچوواندن و ئەوزاری تێدا نییە ، بەڵام لێکچوواندنێکی بەهێزە . ((لێکچوون شتێکە،کە لێیچوون و لەو چوون تیایا هاوبەشن " واتە لەو مەعنایەدا کە ئەویستری هەردوو تەرەفەکە هاوبەش بن . کە ئەڵێن هاوبەشن))(عەلائەدین سەجادی،١٩٧٨،ل٤٨)(سەجادی) کەدەڵێ : دەڵێن هاوبەشن گومانێکی کەمی هەیە لەوەی، کە سەد لە سەد سیفەتی لێچوو و لەو چوو وەکو یەکبن، هەر دەبێت یەکێکیان لەوی تریان بەهێزتر بێت. (( ئەگەر لێکچواندن لە وەسف وەرگیرابێت، دوو جۆرە : خودی و بابەتی لە یەکەمیاندا ڕووی لێکچواندن یەکسانە لە هەنگوین و شیرینیدا لە دووەمیاندا شتێك دەچووێنی بە شتێکی دیکە ڕستەکە لە مانای ڕووتیدا شتێکی دیکەیە وەك " ئاسنی سارد دەکوتیٚ "))( نبیل الزین،١٩٦٦ ، ص ١٠٤) لێکچوواندن ئەگەر لە وەسفەوە وەرگیرابێ ،یان خودییە یان بابەتییە، لە خودییەکەیاندا لە هەردوو نموونەی سەرەوە شێرین و هەنگوین ، لە جۆری بابەتییەکەدا شتێك دەچووێنی بە شتێکی دیکە ، وەك "ڕشێرزاد ئاسنی سارد دەکوتیٚ" .

((لێکچواندن بە گشتی ئەگەر لێچووو لەو چوو هەریەکەیان بەجیا ماناکەی لێکدەیتەوە هەر یەکە مانایەك ومەغزایەك دەبەخشێت ، بەڵام ئەگەر هەر دووکیان کۆبکەیتەوە لەڕووی لێکچواندندا ئەو کاتە مانایەك دەبەخشێت ))( نبیل الزین ،١٩٦٦ ، ص ١٠٤-١٠٥)کەواتە ڕووی لێکچواندن سیفەتی لێچووو لەو چوو لە خۆیدا کۆدەکاتەوە.((لیکچواندن لە بنەرەتەوە لەسەر ئەوە هاتووە:کەم بە زۆر،ناتەواو بە تەواو،نزم بە بەرز،بچووك بەگەورە،بێ باکی بە چالاکی))(عەزیز گەردی،١٩٧٢ ،ل٢٢) لیکچواندن زۆرجار لە نیوان شتە جیاوازەکانە.(( لق بەشێکی بچووکتری دارێکە ، لەلێکچواندنی ڕاستەوخۆدا هەندێکجار دار دەکرێت بەلق ، هەندێك جار لق دەکرێت بەدار ))( نبیل الزین ،١٩٦٦ ، ص ٢٢٥) نموونە ئەستێرە وەکو چرایە ، یان چرا وەکو ئەستێریە ، وەسفکردنەکە لە ڕووی ڕەگەز و ڕاستییەوە جیاوازییان نییە .

جیاوازی لەنێوان لێکچواندن و خواستن دا چییە؟ لەمانگی ڕەمەزاندا بۆ بەڕۆژوو بوون لە قورئانی پیرۆز لەسورەتی بەقەرەدا هاتووە : ((وَكلوا و أشربوا حَتیٰ یَتبَیّنَ لَکُمۥألخَیگۥألٱبیَچ من ألخَیگۥألٱسودۥ))(سورەا لبقرە ، ألجزو ألیانی،ألٱیە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١٧٨،ص٢٩)دەلێ: بخۆن و بخۆنەوە تا داوی ڕەش وسپی دوور لەڕۆشنایی دەستکرد لەیەك جیادەکەنەوە ، ئەم خواستنە لە قورئانی پیرۆزدا وەرگیراوە بۆ ئەوەی هەر بە ڕۆژوویێك ئەگەر لە شوێنێك بێت کاتژمێر و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی دیکەی لا نەبێت دەتوانێت خۆی بڕیار بدات لە کۆتاییهێنان بە خواردن و خواردنەوەدا بە هۆی هەستی بینینەوە . ئەم لێکچواندنە یان خواستنە زۆر جیایە لە ( کارزان شێرە ) لێرەدا کارزان لە ئازایەتیدا سیفەتی شێری پێدراوە . ((لێکچوواندنی تەواو"التشبیە البلیغ" ئەو جۆرە لێکچوواندنەیە ، کە ڕووی لێکچوواندن و ئەوزاری لەگەڵ نەبێت، کە لێچوو و لەوچوو پێکەوە گرێیان دەدات و لەیەك جیانابنەوە، نەهاتنی ئەوزار و ڕووی لێکچوواندن، دەرگایەك بۆ هزر دەکاتەوە و هەروەها پەردە ڕادەماڵێ لەسەر گشت ئەو سیفەتانەی، کە لەنێوان هەردوو لادا هەیە، هەر بۆیە هوشەکاری پێدەڵێن، چونکە هوشەکاری تێدایە و لێچوو سەرچاوەی لەو چووە.))(بن عیسی باگاهر، ٢٠٠٨، ل ٢٢٠) ، کە سیفەتیان وەکو یەك بێت، بۆ نموونە چوواندنی ڕوو بەمانگ، لە نێوان ڕوو و مانگدا هوشەکاری هەیە، مانگ و ڕوو تەنها ئەگەر لە جوانی دا هەردووکیان جوانن، بەڵام لەسیفەتەکانی دیکەدا زۆر لەیەك دوورن، بۆ نموونە لە گەورەیی و بچووکی و پێکهاتەکەیاندا. ((زانراوە کاتێك کە دوو شت بەیەك دەچووێندرێن، دوو لامان لا بەدیار دەکەوێت : ١ – : لە لایەکەوە لەڕووی واتاوە دیارە پێویست بەلێکدانەوە ناکات...وەکو لێکچوواندنی لێوەکان بە گوڵ، ڕەشی پرچ بە شەو، ڕوو بە ڕۆژ. ئەوی دیکەیان: لێکچوواندنەکە پێویستی بەدەرخەرێك هەیە یان پێویستی بەلێکدانەوەێك هەیە بەهۆی دیارخەر یان لێکدانەوە بە دیاردەکەوێت... بیانوە کە وەکی ڕۆژ دیارە، یان بەری ڕۆژ بەبێژینگ ناگیرێت.))(محمود شاكر،١٩٩١،ل٩٠-٩٢.) یەکەمیان: کە واتایە پێویستی بە تێگەیشتن و جێگیرکردن هەیەدووەمیان: پێویستی بە دیار خەرێك هەیە، بۆتێگەیشتن.

**بەشی یەکەم:**

**تەوەرەی دووەم :ژمارە و شوێن وجۆری ئەوزار لە بنەڕەتەکانی لێکچوواندن لەئەدەبی کوردیدا :**

لیکچوواندن کە ڕەگەزیکی گرنگی ڕەوانبێژییە، تێگەیشتن لە ڕێگای پیت و فۆنیمەکانەوە ڕوودەدات، کە دەڵێین ڕووناکی یان تاریکی هەریەکەیان بە مانای جیاواز بە یەکتر لە زۆر میتافۆردا ئەو مانایە دەبەخشن، بۆ نموونە تاریکی بەمانای نەزانی و دواکەوتوویی دێت، لە لێکچوواندندا دۆخێکی ناوازە هەیە ئەمەش زۆر بەدەگمەن ڕوودەدات، وەك لەدایکبوونی جمکە وایە کاتێك دوومنداڵ بەسکێك لە یەك کاتدا لەدایك دەبن، تەنانەت لە روخسارەوە زۆر لەیەك دەچن، بەڵام لە وردەکاری و لەڕووی فیسیۆلۆژییەوە لە یەکتر جیاوازن .

(سەردار ئەحمەد گەردی)لە بارەی کتێبی (ڕەوانبێژی)(عەزیزگەردی)یەوە دەڵێ : (( ئەوکارەی عەزیزگەردی کارێکی زانستیانەیە ، تەنیا ئەوەندە هەیە هەندێ ئەوزار هەنە بەتایبەتی لە هەولێر و دەوروبەریدا فەرامۆشی کردوون لەوانە "وەکی ، دەڵێی " کە زۆر بەکاردێن وە نموونەی شیعرشیان زۆر لەسەر هەیە ))( سەردار گەردی،١٩٩٧،ل٥٨) ئەگەر بە دیوانی شاعیراندا بچینەوە بەگشتی لە هەر چوار دیالێکتەکەی ( لوڕ، گۆران، کرمانجی باکور، کرمانجی ناوەڕاست) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەوزارەکان بەپێی شوێن و دیالێکتەکان ژمارە و جۆریان دەگۆڕێت .

ئەوزارەکان ژمارەیان لەنێوان ( ١٠ ـ ١٨) ە دیارە ئەگەر بەدیوان و ئەدەبیاتی کوردیدا بچینەوە لەوانەیە ئەوزار و وشەی دیکە بەرچاو بکەون هەمان ئەرکی ئەوزارەکانیان هەبێت هەروەها دووبارە بوونەوەی ئەوزاریان سێ بارە بوونەوەی پێداگری و جەختکردن دووپاتدەکاتەوە ، بەڵام هەندێك جار ئامرازی نەفی لە پێش ئەوزارەکان دێن کاری ئەوزارەکان پەك دەخەن .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**"نالی"مەکە وەصفی تۆ..باریکە نەمامی تۆ..**

**مەعلومە کە سەروی تۆ بێ میپلە لە دونیایە..**(دیوانی نالی،١٩٧٦،ل٥٦٣)

لێرەدا ئەوزار "میپل "ە،بەڵام لە بەر ئەوەی ئامرازی نەفی لەپێشدا هاتووە "بێ میپلە " ئەرکی ئەوزار نابینێت.

**مورادم ژێللەت و پاڕانەوەی حاڵە،نەوەك نەعتە**

**بەچەن بەیتێکی (کوردانە)، کەقورئانت پەناخوانە!** (دیوانی نالی،١٩٧٦ ،ل٥٧ ،ل٦٧،ل١٦٦،ل٢٨٣، ل٣١٩،ل٤٤٠، ل٤٨١،ل٤٨١،ل٥١٧،ل٥٣٨ل٥٩٣،ل٥٩٣،ل٥٦٣،ل٥٦٣،ل٦٨٦،ل٨٦٧) لە دیوانی نالیدا حەڤدە جار ئامرازی نەرێ پێش ئەوزار کەوتوو ە و پەکی خستووە لە ئەرکی ئەوزاردا ،"وەك" ئەوزارە بەڵام ئامرازی نەرێی لە پێشدا هاتووە ئەوزارەکە پەکی کەوتووە بووەبە "نەوەك". ئەرکی ئەوزار نابینێت. هەروەها ئەوزاری بێ تەرح، نە وەك، بێ مانەندی، مانەندی نییە، لە دیوانی( نالی) دا بەر چاو دەکەوێت.

ئامرازی نەرێ یان نەفی، کاری ئەوزارەکان لە لێکچواندندا پەك دەخات،لە دیوانی (نالی) دا حەڤدە جار هاتووە، ڕاستە وەکو ئەوزار بەر چاو دەکەون بەڵام ئەرکی ئەوزار نابینن، لەم نموونەی سەرەوەدا "میپل" ئەرکی ئەوزار یان ئەرکی "وەکو، وەك" نابینێت بەهۆی هاتنی ئامرازی نەرێ وە کە "بێ" یە، ئەرکەکەی وەکو گەیاندنی ئەمسەر و ئەو سەری لێکچوواندن بەیەکتری ناگەیەنێت. ((شوبهاندنی پێچەوانە یان "تەشبیە مەقلوب" واتە شوبهاندنی پیچەوانە ئەوەیە شتێك بشوبهێنی بەشتێکی تر لەڕاستیدا ئەبو بەپێچەوانەوە بوایە، ئەمەش بۆ "موبالەغەیە"هوشەکاری لەهاتنەدی هۆی شوبهاندنەکە لە شوبهێنراوەکەدا وە لەم بەیتەدا:(دیوانی نالی،١٩٧٦،ل٢٠)

**شەپەری تابش وبارش لە دەمی ڕەعدی بەهار**

**ئەپەری جۆششی گریانە لە ئەفغانمدا ))**( ل٢٠)

لێکچوون شتێکە تیایدا لێچوو و لەو چوو هاوبەش بن واتا هەر دوولا لەیەك شتدا هاوبەش بن،بۆ نموونە دوو مرۆڤ کراسەکانیان لەجۆری قوماشە کە هاوبەش بێت.

هەندێك جار هاوبەشییەکە دەشێ شتێکی خەیاڵی بێت (ژیری ، هەستی) وەك ڕەوشت یان جوانی ، یان شتێك هەبێ دوو لا بەیەك بگەیەنێ .

ئەوزارەکان لە (خۆشخوانی) مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) دا ژمارەیان"دە" ئامرازە و دەڵێ ( ئەوزارکە "ئەدات"ە لەزمانی کوردیدا ئەمانەن : " وەك ، گوایە ،گۆیا،چما ، ئاسا ، ئەڵێی". " چەشن ، وێنە،تەرز ، چون "یش بەکار ئەهێنرێ.))( عەلائەدین سەجادی،١٩٦٨،ل٤٤).هەروەها(( لەو ئەوزارانەی ،کەناوی بردوون "٧" یان لای عەزیزگەردی ناویان براوە بەنموونەی شیعرییەوە "٣" دەمێنێتەوە " گۆیا ، گوایە ،چما "...لەپێشدا باسمان کردن ." گوایە"ش لەگەڵ "گۆیا" یەکشتن وە هیچ جیاوازییەکیان نییە)( سەردار گەردی،١٩٩٧،ل٥٨) هەردوو نوسەر (سەجادی) و (عەزیزگەردی) لەدەستنیشان کردنی ئەوزارەکاندا جیاوازن، ئەگەرچی ماوەیێك (سەجادی) پێش (گەردی)دەکەوێت لە نوسینەکەیدا،بەڵام دیارە (عەزیزگەردی) ،بەشێك لە ئەوزارەکان یەك واتا دەبەخشن و هەمان ئەرك

دەبینن.(("وەکو"،"وەك"،"وینە"،"چەشنی"،"ئاسا"،"ئەلیی"،"لەو...ئەچی"،"لەو...ئەکا،"تەرز"،"چون"))(عەز یز گەردی،١٩٧٢،ل ٣٢-٣٣)کە ژمارەیان دە ئەوزارە.((هەندێ ئەوزاری ترهەن لەلای (عەزیز گەردی) ناو براون وە نموونەی شیعرییان لەسەر هەیە کەچی (سەجادی) باسی نەکردوون لە ساڵی (١٩٨٧ ) (سادق بەهائەدین) لەکتێبی

"ڕێزمانا کوردی "دا لەژێر ناوی هەڤاڵ ناڤێ چەوانێ "وەسفی" دەڵێ : "پەیسکا وەکو یەکیك و رشیدی کورد بناڤێ ژ تەمەن . پێتین مە وسوف پێك دێت )) (سەردار گەردی،١٩٩٧ ، ل٥٨) لەدیالێکتی کرمانجی باکوردا چەند ئەوزارێك بەرچاو دەکەون، کە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا نەهاتووە. ((چوار نموونەی هێناوەتەوە بۆ وەکی ، هندی ، تەمەن . نموونەی چوارەمی بۆ "مینا" هێناوەتەوە، کەلەلای جگەر خوێن باسکراوە . (سادق بەهائەدین) وەکوخۆیدەڵێ: ئەمە لەکتێبی " ڕێزمانی کورمانجی"ی (رشید کورد) وەرگرتووە، کەلەساڵی ( ١٩٥٦ )لەچاپخانەی "کرم" ی چاپکردووە ، لە باسی ڕەگەزەکانی لێکچواندا باسی ئامراز دەکاو دەڵێ:" ئامرازیش لە زمانی کوردیدا ئەمانەن : وەك ، **وەکو ،وێنە ،چەشنی، ئاسا، ئەمە بەلای (عەزیز گەردی) یەوە بەڵام (سەجادی) لەمان** زیاتر دەکات و دەڵێت :ئەمانەن " وەك ، گوایە ، گۆیا ،چما ، ئاسا ، ئەڵێی ، چەشن ،وێنە ، تەرز ، چون)) (سەردارگەردی، ١٩٩٧، ل٥٩) سەرەتا (عەزیز گەردی)" پێنج "ئەوزار دەستنیشان دەکات، (سەجادی)" دە "ئەوزار دەخاتە ڕوو. ((لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا دەڵێ: " هەندێ ئامرازی تریش بۆ ئەم مەبەستە لەشیعری کلاسیکی کوردی بەکارهاتوون . شێوە ،جۆر ، هاوتا ، نموونە ، دەڵێ: ی، بووە .ئەمانەی لە عەرەبی وەرگیراون " نڤیری ، میپال ، شوبە ، شوبە هتی ، صیفەت " دوای چەند نموونەیەکی شیعری جزیری هێناوەتەوە )) (سەردار گەردی،١٩٩٧ ،ل٥٩). بەشێك لە ئەوزارەکان لە زمان و ئەدەبی عەرەبی وەرگیراون، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆربەی شاعیرە کلاسیکەکانی کورد لەحوجرە و مزگەوتەکان خوێندنیان تەواو کردووە.((کاتی لە ئەوزاری"ئاسا" وورد ئەبییەوە،ئەبینین..ئەبی پاش "لەوچوو"بیت))( عەزیز گەردی،١٩٧٢،ل ٣٢)ئەوزاری مەرجی ئەوەیە "ئاسا"دەبی پاش لەو چوو بیت.(لەزمانی عەرەبیدا ئەوزار دابەشکراوە بۆ ناو و فرمان و پیت " الاسم ، الفعل ، الحرف " بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین ئەو ئەوزارانەی، کە لە شیعری کوردیدا بەکارهاتوون ، بەگوێرەی ڕەسەنی ووشەکە دابەشیان بکەین پاشگر یاخود تاکە پیتێك وەك لە زمانی عەرەبیدا هەیە وەك "ك"... ئامرازی لێکچواندن هەر دەربڕینێکە کە وەکیەکی و هاوبەشی بگەیەنێ، پیتە یاخود ناوە یاخود فرمانە وە هەموویان نزیکی سیفەتی لێچوو لە لەو چوو دەگەیەنن ))(سەردارگەردی ، ١٩٩٧، ل٥٣). بۆ ناو و کردار وەکو ئەوزار لەزمانی کوردیدا بوونی هەیە بۆ نموونە " مینا، دەڵێی ، لەو دەکا "هتد.. بەڵام بۆ پیت لەشیعری کلاسیکی کوردیدا بەتایبەتی لەدیوانی نالی دا بەرچاو ناکەوێت ، تەنها "ی" لەعەرەبی وەرگیراوە لەشیعری کوردیدا مەزراندراوە.(( ئەوزار هەرچەندە یەکێکە لە بنەما ناسەرەکییەکانی لێکچواندن لەگەڵ ئەوەشدا بنەمای سێیەمی لێکچواندنە)) (سەردارگەردی،١٩٩٧،ل٥٣) ئەوزار و ڕووی لێکچوواندن، بە نەبوونیشیان لێکچوواندن هەر دروست دەبێت. دووشت لەیەك دەچوێنین بەڵام لە ڕاستیدا یەکێکیان ، یان لێچوو یان لەو چوو سیفەتی جوانتر و گەورەترە و باشتری هەیە لەوی دیکە."سەجادی وەك یەکی بۆ لیکچواندن دادەنیت(("وەك یەك"بۆ هەلدانەوەی پەردەیە لەسەر شتیکی نادیار))( علاالدین سجادی،١٩٧٨،ل٤٤)لەریگای ئاشکرا کردنی شتە شاراوەکان لیکچون دەردەکەویت.(( ئەگەردووشت لەسیفەتێکدا یەکبگرنەوە یان بەشداربن، ئەوسیفەتە جارێکیان دەکەوێتە سەر بەهاوسەنگی خودی شتەکە ، جارێکی دیکە دەکەوێتە سەر مەودای ڕیاریدانی،وەك لێو لەگەڵ گوڵدا لەڕەنگی سوردا بەشدارن کەچی لەڕاستیدا لەدوو دۆخی جیاوازدان ، ڕەنگی سور لەگوڵدا زیاترە هەروەها سروشتییە ،ڕەنگی سور لە لێودا جیاوازەلە وانەیەدەستکردبێت، شیرینی وهەنگوین لەتامدا هاوبەشن لەڕەگەزدا وەکو یەك نین بەڵام لەبریاردا یەك دەگرنەوە))( عبدالقاهر الجرجانی، ١٩٩١،ل٩٨) لەئەنجامی لێکچواندندا لەنێوان هەنگوین و شیرینیدا، نوێ بوونەوەی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سیفەتە  لە دەروونداا بە هۆیەوە مەبەست لێی گەیاندنی بە گوێگرە لە کاتی بیستنی ئەو وتەیەدا هەمان ئەو چێژە وەردەگرێ کە لەشیرینی هەنگویندا هەیە ،شیرینی هەنگوین تام و چێژێکە ی لە هەر شیرینێکی دیکە خۆشترە .

((لێکچواندن بەستنەوەی شتێکە بە شتێکی تر لە وەسفا بەهۆی ئاوازێکەوە بۆ مەبەستێ. ئەگەر بەستنەوەی ژێرەوە بەسەرەوە بێئەوە بۆ ستایشە خۆ ئەگەر پێچەوانەی ئەمەبێ ئەوە داشۆرینە )) (سەردار گەردی،١٩٩٧ ،ل٥٤-٥٥) ئەگەر ئەوزار لەلێکچواندن دەرکەوێ یان هەبێت ، ئەوا لێچوو کزترە لە لەوچوو ، بەڵام ئەوزار لابرێ ئەوا کزی لێچوو بەرامبەر لەو چوو نامینێ وەکو یەکیان لێدێت. هەموو لێکچواندنێك ئەوزاری تێدایە بەڵام هەندێکجار دەردەکەوێ بۆ درێژدادڕی و هەندێك جاریش دەرناکەوێ بۆکورت بڕی . لەگشت دۆخەکاندا بوونی هەبێت باشترە لەوەی نەبێت . (عەزیزگەردی) دەڵێ: ((لێکچواندن چوار بنەڕەتی هەیە، کەیەکێکیان ئەوزارە جگە لە " لێچوو لەو چوون ، لێکچون " زۆر جار وشەیەك ئەهێنرێ وەکو ئەلقەیەك سیفەت و پەیوەندی ئەمسەر و ئەو سەری بە یەکەوە ئەبەستێ ، ئەم وشەیەش بە ئەوزار ناو ئەبرێ... هەروەها دەڵێ بوونی ئەوزار لەلێکچواندن مەرج نییە وە لە هەندێ شوێنا نەبوونی باشترە ))(سەردارگەردی،١٩٩٧،ل٥٧-٥٨) ا- ئەو ئەوزارانەی کە تایبەتن بە زمانی کوردی ((وەك ..هەروەك.. وەکو ..هەروەکو .. وەکی.. هەروەکی .. وێنە .. ڕەنگ .. چەشنی .. تەرز .. نموونەی .. شێوەی .. مینا .. دەڵێی .. هەردەڵێی .. ئەڵێ ..هەرئەڵێی.. دەتووت .. لە ..دەکالە ...ئەکا ، لەو ...ئەچێ .. وەکە .)) (سەردار گەردی، ١٩٩٧، ل٦١-٦٨) ئەم ئەوزارانەی، کە سەردار گەردی دەستنیشانی  کردووە کوردین و تایبەتن بە زمانی کوردی ،بەڵام نوێنەرایەتی گشت دیالێکت وشێوەزارەکان ناکەن.((ئەوزار کە "ئەدات"ە لە زمانی کوردی دا ئەمانەن "وەك،گوایە، گۆیا،چما.ئاسا،ئەلیی" . "چەشن،وینە،تەرز،چون"یش بەکار ئهینری.))(علاالدین سجادی،١٩٧٨،ل٤٤)کە ژمارەیان دە ئەوزارە.(( ب - ئەو ئەوزارانەی، کە هاوبەشن لە ڕەوانبێژی کوردی و فارسیدا هەندێ وشە هەن واتە لەزمانی کوردیش هەن و لەزمانی فارسیشدا هەن واتە لە هەردوو زمانەکەدا هاوبەشن لەوانە" چون ، چو ،ئاسا " هەمووشیان مانای لەیەکچوون دەگەیەنن" بۆیە شاعیرانی کورد و فارس وەکو ئەوزار بەکاریان هێناون وە لێکچواندنیان پێ دروستکردوون )) (سەردارگەردی،١٩٩٧،ل٦٨) ئەم کۆمەڵەیە بە هاوبەشی لە هەردوو زمانی کوردی وفارسیدا بەکاردێن.

## بەشی دووەم:

### تەوەرەی یەکەم: ئەوزارە هاوبەشەکانی نیوان ئەدەبی کوردی وعەرەبی و فارسی .

ئەوزار لە نیوان نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان ،هاو بەشییەك وتیکەلاوییەك بە دی دەکریت.

((ئەوزار هەبوونی مەرج نی یە،بگرە لە هەندی شوینا نەبوونی باشتریشە))(عەزیز گەردی،١٩٧٢،ل ٣٢) کەواتە لیرەدا ئەوزار لە لیکچواندندا بوونی هەیە،بەلام بە نەبوونیشی،لیکچواندن روودەدات.

((١ - چون :- چون وشەیەکی هاوبەش لەزمانی کوردی و فارسیدا وەك ئەوزار بەکار هاتووە بەرامبەر بە "نڤیر"عەرەبی دەوەستێت هەردەم لەپێش لەوچوو دادێت . لەو ئەوزارانەیە ، کە باسکراوە . مەولەوی لەگشت شاعیران زیاتر "چون"ی بەکاری (بەکار) هێناوە)) (سەردارگەردی،١٩٩٧،ل٦٨ )چون بەهاوبەشێ لە هەردوو زمانی کوردی وفارسی بەکار هاتووە.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

٢ ـ چو :ـ ((چو ئەوزارێکە هاو بەشە لەکوردی و فارسیدا . کورتکراوەی "چون"ە نوونەکەی لێ قرتاوە تەنیا "چو" ماوە تەوە ))( سەردارگەردی،١٩٩٧،ل٦٨)"چو "کورتکراوەی "چون"ە .

٣ ـ ئاسا :ـ ((کاتی کە لە ئەوزاری "ئاسا"وورد ئەبینەوە،ئەبینین زیاتر لە هەموو ئەوزارەکانی تر مەرجی تیایە))(عەزیز گەردی،١٩٧٢،ل٣٢)دەبی "ئاسا"پاش لەوچوو بیت،ئەگەرلیچوو لە پیشەوە بیت یان لەدواوە،گرنگ نییە.(( پاشگرێکە دەچێتە سەر ناو دەیکات بە لەوچوو..."وەکو" دەگەیەنێ بەرامبەر بە "مِپل"ی عەرەبییە ئەم پاشگرە لەزمانی کوردی وفارسیدا هەیە . وە لە هەردوو کیشیانا ،کە دەچێتە سەرناو دەیکا بە لەو چوو . واتە پاشگرێکی هاو بەشەو شاعیرانی هەردوو زمان بەکاریان هێناوە بەڵام لەکرمانجی سەرو بەکار نەهاتووە . هەردەم لەدوای لەو چوودا دێت ))(سەردار گەردی،١٩٩٧،ل٦٩). ئەوزاری "ئاسا" لەدیالێکتی کرمانجی سەرودا بەکار نایێت، هەروەها وەکو پاشگرێك دێت، لەهەر دوو زمانی کوردی و فارسیدا بەکاردێت، کەدەچێتە سەرناو دەیکا بە لەو چوو، هەردەم لە دوای لەو چوودا دێت.

((ت – ئەو ئەوزارانەی، کە لە زمانی فارسییەوە وەرگیراون بەهۆی خوێندنی دیوانی شاعیرانی فارس لەمزگەوتەکاندا شاعیرە کوردەکان شارەزایەکی تەواو یان لەزمان و ئەدەبیاتی فارس وەردەگرت بۆیە زۆر جار ووشەی فارسیان تێکەڵ بە شیعرەکانی خۆیاندەکرد جا بە هۆی ئەم شارەزاییە دەبینین شاعیرانی کورد هەندێ ئەوزاری فارسیان وەرگرتووە لە شیعرەکانی خۆیاندا بەکاریان هێناوە ))(سەردار گەردی ، ١٩٩٧، ل٦٩) بەشێکی زۆری شاعیرانی کورد کاریگەرن بەحافزی شیرازی، هەر لە جزیرییەوە بگرە تاقوتابخانەی بابان، کاریگەری ئەدەبی فارسی و عەرەبی بە سەریانەوە بەڕوونی دیارە.

١ ـ ((ماننند " مانەند" ووشەیەکی فارسییە لە چاوگی "مانستن و ماندن "وەرگیراوە بەواتای وەکو ، وێنەی " مانستن واتە لێکچوون " " ماندن واتە مانەوە و لێکچوون ، چاوەڕوان کردن" مانند لە فارسیدا وەکو ئەوزارێك بەکار هاتووە بۆ بەستنەوەی ئەم سەر و ئەو سەری لێکچوواندن... شاعیرانی کوردیش ئەم ئەوزارەیان لەئەدەبی فارسییەوە وەرگرتووە وەکو ئەوزارێك لەئەدەبی کوردی بەکاریان هێناوە . لەلای شاعیرانی کرمانجی سەرو بەرچاو ناکەوێ... مانەند ئەگەر ئامرازی نەفی لەپێشی یا لەدواییدا بێت ئەوسا لێکچوون ناگەیەنێ بەڵکو بێ هاوتای ئەو شتە دەگەیەنێ ))(سەردار گەردی ،ل٦٩–٧٠) مانەند ئەوزارێکە لەزمانی فارسییەوە پەریوەتەوە بۆ زمانی کوردی، واتای "وەکو" دەگەیەنێ، لە ڕووی زۆری یان کەمی بە کارهێنانییەوە، لە ئەدەبی کوردیدا، کەم بەکار هاتووە، لەلایەن شاعیرانی ئەدەبی کۆنی کوردییەوە.

٢ـ وەش : ـ " وش " پاشگرێکە لە زمانی فارسیدا کە دەچێتە سەر ناو دەیکا بە لەوچوو . بەمانای جوان ، وەکو دێت . وەك ماهۆش ،پریۆش ، یارمهۆش . جگە لە " وش " " فش " یش هەیە بۆ هەمان مەبەست وەك ماە فش . بەڵام شاعیرانی کورد تەنیا " وش " یان وەرگرتووە وە لە ڕەوانبێژی کوردیدا بەکاریان هێناوە . بەڵام ئەو وشانەی کە " وش " یان خستۆتە سەر فارسییە یان عەرەبییە ﴿فارسییەکە یان عەرەبییەکە ﴾ هەرگیز لەگەڵ وشەی کوردیدا بەکاریان نەهێناوە ))( سەردار گەردی،ل٧٠).

ج ـ ئەو ئەوزارانەی کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون . ((ئاشکرایە کەڕۆشنبیری شاعیرانی پێشوومان ڕۆشنبیری مزگەوت بوو، کە بریتییەو ﴿ بریتیبوو﴾ لە زانستە عەرەبییەکان . یەکێك لەو زانستانەش ڕەوانبێژی عەرەبی بوو. ئەمەش بووە مایەی ئەوەی شارەزاییەکی باش لەم زانستە وەرگرن وە لە ڕەوانبێژی کوردی بەکاری بهێنن لەوانە

گەلێ ئەوزاری لێکچواندن (ی) عەرەبیان وەرگرتووە وە لەشیعری کوردیدا بەکاریان هێناوە ))( ل٧٠) لێرەدا ئەوزار وەکو پیت لەزمان و ئەدەبی کوردیدا نییە، بەڵام لە ئەدەبی عەرەبییەوە وەرگیراوە لەئەدەبی کوردیدا، کە زۆربەی شاعیرانی کوردخۆیان پەروەردەی مزگەوتەکان بوون((بەکار هینانی وشەی دریژکراوەو وشەی کورتکراوەو وشەی دەستکاری کراو هۆیەکی هەرەگرنگ و کاریگەرە بۆ دابین کردنی روونی و شکۆمەندی لە زمانی شیعریدا))(ئەرستۆ،و.عەزیز گەردی،ل ٨٤)هینانی وشە لە زمانی بیانی لە سەنگ وشکۆمەندی شیعر ،کەم ناکاتەوە.

١ـ میسل " مپل " ئەوزارێکە لەڕەوانبێژی عەرەبیدا بەرامبەر بە "وەك "لەکوردیدا دەوەستێ کۆیەکەی " امپال " ە بە مانای " الشبه ، النظیر " دێ لە زمانی عەرەبیدا ئەم ئەوزارە دەکەوێتە خانەی ئەو ئەوزارانەی بەر ناو دەکەون...شاعیرانی کورد ئەم ئەوزارەیان لەڕەوانبێژی عەرەبییەوە وەرگرتووە وە بەگەلێ شێوە بەکاریان هێناوە ))(ل٧٠) دەنگی "پ" لەزمانی کوردیدا نییە، شاعیران بە"س" دەیخوێننەوە ئەم دەنگە، لەڕێی شاعیرە مەلایەکانەوە هاتووەتە ناو شیعری کوردییەوە.

٢–(( ـ شەبەهی : ـ " الشبه " ئەوزارێکە لە زمانی عەرەبی کۆی بکەیتەوە دەبێتە " اشباه " بەواتەی (واتای). (مپل) . لە ڕەوانبێژی عەرەبی دەکەوێتە خانەی ئەو ئەوزارانەی کە بەر ناو دەکەون . لە کوردیدا بە " وەکو " دێت . ( ، ) شاعیرانی کورد ئەم ئەوزارەیان لەڕەوانبێژی عەرەبی وەرگرتووە وە بەگەلی ٚشێوە بەکاریان هێناوە ))( ل٧١) شەبەهی واتا میسلی هەردوو کیان زاراوەی عەرەبین شاعیرانی کوردی کۆن لەئەدەبی کوردیدا بەر جەستەیان کردووە.

((٣ ـنظیر: ووشەیەکە عەرەبییە بە واتای هاوتا یاخود وەکو دێت هەروەها وەکو زاراوەیەك لەزانستی فەلەکیشدا بەکاردێت... ئەم ووشەیە لەڕەوانبێژی عەرەبیدا لەگەڵ ئەوزارەکاندا ڕێزنە کراوە . کەچیشاعیرانیکوردوەریانگرتووەولەڕەوانبێژیکوردیوەکوئەوزارێکبەکاریانهێناوە))(ل٧٢)

نظیروشەیەکیعەرەبییەبەڵاموەکوئەوزاربەکاریاننەهێناوەکەچی،لەئەدەبیکوردیدابەرچاودەکەوێتوەکوئەوزار.

٤ ـ "عەینی " :ـ ((لەوشەی عەرەبی " العین " وەرگیراوە،کە واتای خودی شتەکە دەگەیەنێ... ئەموو شەیە (وشە) یە شاعیرانی کورد سوودیان لێ بینیوەو وەکو ئەوزارێك بەکاریان هێناوە بە واتای "وەکو " بەڵام عەینی زیاتر نزیکی شتەکان لەیەك دەگەیەنێ بەڕادەیەك وەك یەکشت بنوەجیاوازی نێوانیان بە ئاشکرایی هەستی پێدەکرێ ))(ل٧٢) چاوەکانی مرۆڤ کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە یەك دەچن، ئەگەر هیچ کامێکیان توشی نەخۆشی و زیان نەکەوتبن، بۆیە شاعیر عەینی بەکارهێناوە بۆلێکچوواندنی دووشت بەیەکتری کە زۆر لەیەك بچن .

٥ ـ شکلی : ((" شکل " ووشەیەکی عەرەبییە بەواتای وێنە ، ڕوخسار لەڕەوانبێژی عەرەبیدا ئەوزارنییە کەچی شاعیرانی کورد وەریان گرتووە وەك ئەوزار بەکاریان هێناوە ))( ل٧٣) شکڵ بە واتای لە شێوەی ،شاعیرانی کورد بۆ لێکچوواندنی شتێك بە شتێکی دیکەی بەکارهێناوە، ئەگەرچی لەبنەڕەتدا لەئەدەبی عەرەبیدا وەکو ئەوزار نەناسراوە.

٦ ـ صورەت : ((لە " الصوره " ی عەرەبی وەرگیراوە بەواتای " وێنە " لەزمانی کوردیدا بەرامبەر ئەم ووشەیە مان هەیە کە " وێن " یە وە یەکێکە لە ئەوزارەکانی تایبەت بە زمانی کوردی بەڵام شاعیر ئەم ووشە عەرەبییەی وەرگرتووە وەکو ئەوزار بەکاریهێناوە )) (ل٧٣) صورەت واتای لە وێنەی فلانشت، بە کاردێت، ئەگەر چی وشەیەکی عەرەبییە بەڵام لەئەدەبی کۆنی کوردی بەکار هاتووە، بە واتای وێنە دێت لەزمانی کوردیدا .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دكتۆر (عەزيزگەردى) لەكتێبى (ڕەوانبێژى لەئەدەبى كورديدا) "دە" ئامراز دەستنيشان دەكات (( وەكو ، وەك ، وێنە ، چەشنى ، ئاسا، ئەڵێى ، لەو..ئەچێ ، لەو.. ئەكا ، تەرز ، چون ))(عەزيز گەردى،ل٣٢-٣٣) ئەوزارەكان لە لايەن شاعيرانى ديكەوە بەتايبەتى لە لايەن "نالى"يەوە ئەم ئەوزارانە بەدى دەكرێن (عەينى ، تەرح ، وەش ، مينا ، تەبا ، پاشگريانە) . لێكچواندن پێكهاتووە لە : ـ (( يەكەميان لێكچواندن دەبێ لەشتى بينراو و درككراو وهەستپێكراو و ڕستەى تەواو و مان ابەخش وەكو خۆى ماقوڵ وەربگيرێت ، دووەميان دەبێ لێكچواندن لەشتى هەستپێكراو و ماقوڵ وەكو خۆى گونجاو ماقوڵ وەربگيرێت ، سێيەميان: لێكچواندن دەبێ شتى ماقوڵە وە بە شتى ماقوڵ بچوێندرێت ))( عبدالقاهر الجرجانى،١٩٩١،ل٦٦). لێكچوواندن چەند جۆرێكى هەيە، لەوانە، چوواندنى شتى ماقوڵ بە شتى ماقوڵ، هەروەها ماقوڵبە ناماقوڵ ،شتى هەستى بەژيرى هتد..(( ئەگەر جياوازى لە نێوان نواندن،كە تايبەتمەندى خۆى هەيە لە لێكچواندندا هەبوو ، ئەوە لێكچواندنێكى گشتييە ، هەموو نواندنێك ، لێكچواندنە بەڵام هەموو لێكچواندنێك ، نواندننييە ))( عبدالقاهر الجرجانى،١٩٩١،ل٩٥) نواندن ونمايشكردن و لاساييكردنەوە لێكچوواندنە ،بەڵام پێچەوانە كيڕاستنييە.

### بەشى دووەم :

## تەوەرى دووەم : جۆرى ئەوزار و پێوانەكردنى لەديوانى "نالى" دا

### پێوانەكردنى ئەوزارەكان :ـ

ئەم لێكۆڵينەوەيە لە ديوانى "نالى" دا كراوە، كە لە لێكۆڵينەوە و لێكدانەوەى (مەلا عبدالكريمى مدرس و فاتح عبدالكريم) هەروەها (محەمەدى مەلا كەريم) پێدا چوو نەوەى بۆ كردووە، ڕەوانبێژى پێكهاتووە لەڕوونبێژى وجوانكارى و گوزارەكان، لێكچوواندن، كەبەشێكە لەڕوونبێژى ،پێكدێت لەلێچوو،لەو چوو، ڕووى لێكچواندن: ئەوزارەكان، لێكچوواندن لە چوار بنەڕەت پێكهاتووە ديارە ئەوزارەكان بەچوارەم بنەڕەتهاتووە،لە ديوانى "نالى" دا (چوار سەد و پازدە) جار بەكارهاتووە. ئەوزارەكان هەندێكجار لەشوێنى خۆياندا هاتوون ئەركى ئەوزار دەبينن ،هەندێكجار ئەو ئەركە نابينن، كە ئەوزار دەيبينێت،يان بەهۆى هاتنى ئامرازى نەفى لەپێش ئەوزار،يان لە دواى، دەبێتە هۆى پەكخستنى كارى ئەوزارى،يان نەبوونى ئەوزار لێكچواندنەكە بەهێزتردەبێت،ئەمەش ماناى ئەوە نييە،كە ئەوزارەكان بوونيان گرنگ نييە، بەڵكو بوونيان دەبێتە هۆى جەختكردن يزياتر لەچوو اندنى شتێك بە شتێكى ديكە.ناساندنى ئەوزارەكان لە ديوانى "نالى" دا بە شەش جۆرها تووە :جۆرييەكەميان:ئەوزارەكانى تاى بەتبە زمانى كوردى.جۆريدووەميان: تايبەت ن بەزمانى عەرەبيولەشيعرەكانيدا بەكاريهێناوە . جۆرى سێيەميان تايبەتە بەزمانى فارسى،لەشيعرەكانيدا بەكاريهێناوە،جۆرى چوارەم، لە ئەدەبى عەرەبيدا بونيان هەيە بەڵام وەكو ئەوزار بەكار نەهاتوون،بەڵام "نالى" شاعير لە شيعرەكانيدا بەكاريهێناوە. بەشى پێنجەم بەهەر دووزمانى كوردى و عەرەبى تێكەڵاو يكر د ووە وەك:" وەكو ،يەعنى"،كە لەخوارەوە بە نموونەوە ئاماژەى پێكراوە.جۆريشەشەم :ئەوزار نەهاتووە، بەڵام لەشێوەى مەعنەويدا هاتووە.لەديوانى "نالى"دا بەشێك لە ئەوزارەكان بەكار هاتوون بەڵام ئامرازى نەرێ پێش ئەوزار دەكەوێت و لە ئەركى ئەوزارى داپەكى دەخات. ((ئەوزار ئەودەربڕينەيە بەكاردێت بۆ لێكگرێدانى لێچوو لەوچوو، ناسراو ترينيان لە زمانى عەرەبيدا"الكاف" ومپل ، وكأن ،هتد.. لەو ئامرازانەى كە هەمان واتا

دەبەخشن، بۆی هەیە لە ڕستەیەکی لێکچوواندندا ئەوزارەکە ئاماژەی پێبکرێت یان نەکرێت.))(بن عیساباگاهر،٢٠٠٨، ل٢١٧). بەگشتی ئەوزار( چوارسەد و پازدە)جار لە دیوانی "نالی" دا بەکارهاتووە.

١ـ وەك : وشەیە کە بە مەبەستی گەیاندنی ئەم سەر و ئەو سەری دوو وشە یان دوو واتا بە یەکتری ، سەد و بیست جار لەدیوانی نالی دا بەکار هاتووە: "نالی" دەڵێ :

**فەرشی کەففی بەری پێتە نەرگس**

**سەری داخستووە وەك چاوی حەیا**

(دیوانی نالی،١٩٧٦،ل١٢٦).ل١٩،ل٢١،ل٢١،ل٢١،ل٣٠،ل٣٣،ل٤٥،ل٤٥،ل٤٨،ل٤٨،ل٤٨،ل٤٩،ل٤٩، ل٤٩،ل٤٩،ل٤٩،ل٥٠،ل٥٢،ل٥٢،ل٥٦،ل٥٦،ل٧٧،ل٩٤،ل١٢٢،ل١٣٤،ل١٣٨،ل١٥٣،ل١٥٧،ل١٥٨،ل ١٥٨،ل١٥٩،ل١٦٠،ل١٦٢،ل١٧٦،ل١٧٦،ل١٧٨،ل١٧٩،ل١٧٩،ل١٨٩،ل١٩٠،ل١٩٢،ل٢٠٠،ل٢٠٠،ل ٢٠١،ل٢٠٣،ل٢٠٣،ل٢٠٦،ل٢١٢،ل٢٢٥،ل٢٤٣،ل٢٥٩،ل٢٥٩،ل٢٦١،ل٢٦٦،ل٢٦٩،ل٢٧١،ل٢٨١،ل ٢٨١،ل٣٠٢،ل٣٠٢،ل٣١١،ل٣٢٧،ل٣٤٤،ل٣٥٢،ل٣٥٥،ل٣٥٧،ل٣٥٨،ل٣٦٠،ل٣٦١،ل٣٦٣،ل٣٦٩،ل ٣٧٣،ل٣٧٥،ل٣٨١،ل٣٨٨،ل٣٩٣،ل٣٩٦،ل٤٠٧،ل٤٠٨،ل٤١١،ل٤١٧،ل٤٤١،ل٤٨١،ل٤٩٠،ل٥٠٠،ل ٥٢٠،ل٥٢٦،ل٥٢٦،ل٥٤٧،ل٥٥٤،ل٥٨١،ل٥٨١،ل٦٠١،ل٦٠١،ل٦١٦،ل٦٢٣،ل٦٢٣،ل٦٣٨،ل٦٣٨،ل ٦٤١،ل٦٥٦،ل٦٥٩،ل٦٥٩،ل٦٦١،ل٦٦٣،ل٦٦٩،ل٦٧٠،ل٦٧٤،ل٦٧٦،ل٦٧٧،ل٦٨٥،ل٦٩٢،ل٧٠٠،ل ٧٠٢،ل٧٠٧،ل٧١١،ل٧١١،ل٧١١،ل٧١٧) .

**بەو ڕەحمەتە عامە تکە دەکا سەنگی سییە زەڕ**

**لە مقەلبەکە وەك بەردە ڕەشە "رش رشاشا** (دیوانی نالی،١٩٧٦،ل٧٧.)

٢ـ وەکو: هەشتا و چوار جار لە دیوانی نالی دا بەکار هاتووە : هەر وەکو لەم دوو نیوە دێرە شیعرەی نالی :

**زارم وەکو خیلال و نەحەیفم وەکو خەیاڵ**

**ئایا دە کەومە زار و بە دڵدا دەکەم خوگور!** .(دیوانی نالی،١٩٧٦ ،ل١٩٦) (ل٢١،ل٣٤، ل٤٥، ل٤٥،ل٤٩،ل٥٦،ل٥٦،ل٥٦،ل٨٨،ل٩٤،ل٩٤،ل٩٥،ل١١٦،ل١١٨،ل١٣٣،ل١٣٧،ل١٣٩،ل١٤٤،ل ١٦٠،ل١٦٠،ل١٦٤،ل١٧٣،ل ١٨٩،ل١٩٦،ل ١٩٦،ل ٢٠٠،ل ٢٠٧،ل ٢١١،ل ٢١٢،ل ٢٢٣،ل ٢٢٦،ل ٢٢٦،ل ٢٢٦،ل ٢٢٦،ل ٢٤٩،ل٢٥٠،ل٢٥٤،ل ٢٥٧،ل ٢٦٤،ل ٢٧٥،ل ٢٧٦،ل ٢٨٩،ل ٢٨٩،ل ٢٩١، ل٢٩٦، ل٣٠١، ل٣٣٠، ل٣٣١، ل٣٣٩،ل٣٤١، ل٣٤٥،ل٣٥٢،ل٣٦٤، ل٣٦٦،ل٣٧٠،ل٣٧٦،ل٣٩٢،ل٤١٤،ل٤٢٨،ل٤٤٦،ل٤٧٥،ل٤٧٦،ل٤٧٩،ل٤٧٩،ل٤٩٧،ل٥٩٧،ل٦١٧،ل ٥٧٠،ل٦١٧،ل٦١٨،ل٦١٨،ل٦٢٧،ل٦٥٣،ل٦٦٨،ل٦٦٩،ل٦٧٠،ل٦٧٣،ل٦٧٦،ل٦٧٨،ل٦٨٥،ل٧٠٣،ل ٧١٠،ل٧١٢.)

**موژگانی سییەه مەستە وەکو چاوی (حەبیبە)**

**غارەتکە بکەن دێن و دەچن ڕۆح بڕفێنن**

٣ـ عەینی : نۆ جار بەکار هاتووە:

**ئەمجا مەوەستە تا دەگەییە عەینی (سەرچنار)**

**ئاویکە پر لە نار و چنار و گول و چنور.**(دیوانی نالی،١٩٧٦،ل ١٧٨–١٧٩)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**خاکی میزاجی عەنبەر و ،داری رەواجی عود**

**بەردی خەراجی گەوهەر و، جۆباری عەینی نور.**

(دیوانی نالی،١٩٧٦،ل٧٣)(ل٣٠،ل١٧٨،ل١٨٢،ل٢٤٢،ل٣٨٢،ل ٣٣٤ل٤٠٥،ل٤٤٥،ل٥٥٤).

وەكو ، عەینی : گریە بە خوڕدێتە خوار ،هەروەكو عەینی بەهار

خۆش بووەتە ئابشار مەدمەعی سەر شاری من. (دیوانی نالی،١٩٧٦،ل٣٣٤)

٤- وەها : "نالی" لەبری (وەكو ، وەك) وەهای بەكار هێناوە : نۆ جار بەكار هاتووە.

**وەها مەستی تەماشای چاوتە"نالی" کە نازانێ**

**بە بێداری دەبینێ ، یا لە نەشئەی مەستی و خەودا!** واتە : كە من

سەر و سامانی خۆم لە دڵداریدا، بە مامەڵە(٠)دا ...ئەو ڕو وەرچەرخاندنەی ئەو، بەوێنەی زوڵفەكانی ، (شەوی) ڕەش و تاریك بون.))(دیوانی نالی،١٩٧٦،ل٨٩)هەروەها لە (ل٢٠٦،ل٢١٣، ل٢٥٢، ل٢٩٧،ل٣٥٨،ل٣٥٩،ل٣٦٠،ل٥١٤)**بەرچاودەكەوێت.**

٥-- هەم: لە بری وەكو بەكار هێناوە ،پەنجا و یەك جار لەدیوانی نالی دا بەكار هاتووە.خاكی بەری پێت هەمگڵ و، هەم گوڵ بە سوروشكم

وەقتی غەم و شادی ئەوە كردومە بەسەردا (دیوانی نالی،١٩٧٦،ل٣١)(ل٣٤،ل٣٤،ل٤٥، ل٥٦،ل٦٣،ل٦٣،ل٧٩،ل٧٩،ل١٣٣،ل١٣٣،ل١٤٩،ل١٤٩،ل١٤٩،ل١٤٩،ل١٥٨،ل١٥٨،ل١٥٨،ل١٥٨،ل١٦١،ل١٦١،ل ١٦١،ل١٧٧،ل١٧٧،ل١٩٩،ل١٩٩،ل١٩٩،ل١٩٩،ل٢٥٢،ل٢٥٦،ل٢٥٦،ل٢٦٨،ل٢٨٣،ل٢٩٧،ل٢٩٧،ل٣٣٥،ل٣٣٥،ل٣٤١، ل٣٥٤،ل٣٧١،ل٣٩٨،ل٣٩٨،ل٤٥٦،ل٥١٦،ل٥٧٩،ل٥٨٩،ل٥٨٩،ل٦٢١، ل٦٢١،ل٦٤٩).

**ئەهلێكی وای هەیە كەهەمو ئەهلی دانشن**

**هەم ناقیمی عوقودن وهەم ناقیری ئومور.**( ل ١٨٤)

واتە سولەیمانی وەنەبێ تەنیا شوێنەكەی خۆشبێ، دانیشتوانیشی مرۆی زیرەك و زانا و خاوەن بیرن. ئەدیب و شاعری وایان تیایە شیعری جوانی وائەڵێن وەك ملوانكەی مرواری هۆنرابێتەوە.))(دیوانی نالی،١٩٧٦،ل١٨٤)

٦--هەروەكو : چواردە جار بەكار هاتووە.

**لە خەوقی گەلعەتی رۆژ هەر وەكو شیت**

**بە رو زەردی هەلات و كەوتە كیوان** . (ل ٣٢١) (ل ٥٨٢،ل ٥٩٤،ل ٦١٣،ل ٦١٥،ل ٦٣١،ل ٦٥٢،ل ٦٦٣،ل ٧١٢،ل ،ل ٧١٧) .

- هەر وەك: هەشت جار بەكار هاتووە.

خەگی سەبزی لە كەناری لەبی(نالی) هەروەك

(خچر)ی زیندە لەسەر چاە زولالئكی هەیە.(ل ٢٤ )(ل ١١٩،ل ١٦٢،ل ٣١١،ل ٥٧٢،ل ٥٨٥،ل ٦٣٥،ل ٧١٠)

٧ـ گۆیا : یەك جار بەكار هاتووە.

**دەم دەم كە دەكا زاری پڕ ئازاری بەغونچە**

**بۆ دەعوەتی ماچی لە بە گۆیا دەمی نادا** (دیوانی نالی،١٩٧٦،ل٨٤).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٨- میسلی ،میپلی: سی و یەك جار بەكار هاتووە.((میسل = وەك ، وەكو)) (عارف محەمەد سلێمانی،١٩٧٨،ل٦):((مپل: ماپل . شابە / لێچوو . شێوەی تیایە.لەو ئەكا..هەروەها مپل ب. مپل ب. ماپل.شبە/ پێی بەراورد كرد. وتی .لەو ئەكا .وەكو ئەو وایە.))(نیزامەدین فازیل،٢٠٠٧،ل١٠٧٩) ((مپلما : كما/ وەك هەروەك))( نیزامەدین فازیل،٢٠٠٧،ل١٠٨٠).

میسلی شەهسوار ، لێرەدا نالی فەساحەت و ڕوونی زمانی كوردی بە پاشا و سوار چاك دەچوێنێ بە هۆی ئامرازی "میسلی" ییەوە مرۆڤی كورد بی ورد بوونەوە و بیركردنەوە لە شێوەزار و دیالێكتەكانی زمانی كوردی، زۆر بەڕەوانی وتەكانی دەردەبڕێ ، یان بێ تەتەڵەكردن و وەستان .

**یا لە مەیدانی فەصاحەتدا بە میپلی شەهسوار**

**بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەكا.( دیوانی نالی،١٩٧٦،ل ١٠٦)**

**ئەو كەسە تەحدیپی نیعمەت بێ موراد و مەگلەبی**

**میپلی "نالی" ئیمتپالی ئەمری یەزدانی دەكا(دیوانی نالی،١٩٧٦،ل٤٩)**.(دیوانی نالی،١٩٧٦،ل٢٨ل٤٦،ل٤٩،ل٥٤،ل١٠٥، ل١٠٥،ل١٠٦،ل١٧٤،ل١٧٩،ل١٩٤،ل٢٦٣،ل٢٨٨،ل٣٢٩،ل٣٥٦،ل٣٧٠،ل٣٨٢،ل٤٠٦،ل٤٧٠،ل٤٨٩،ل٤٩٢،ل٥٠٠،ل ٥٠١،ل٥٠٦،ل٥٩٧،ل٦٠٧،ل٦١٠،ل٦١٧،ل٦١٨،ل٦٥١،ل٦٨٠،ل٦٩٧).

٩- شەبەهی، شەبیهی: هەژدە جار بەكار هاتووە:

شەبەهی زولفی شەبەە گۆنەیە رو گەردانی

بە سەری ئەو كە بە سەودا سەر و سامانم (ل ٢٠)

عویونی گەرم و سوێراوی میپالی گریانە

ڕوعونی شاخی سوتاوی شەبیهی جەرگی بوریانە)) (دیوانی نالی،١٩٧٦،ل٤٩٢.) (ل ٢٠،ل ٢٠،ل ٤٨،ل ٥٤،ل ٥٤،ل ٩٠،ل ٩٠،ل ١٥٣،ل ٢٠٦،ل ٢٠٨،ل ٢١٧،ل ٤٢٦،ل ٤٢٨،ل ٤٩٢،ل ٥٩٨،ل ٦٢٧،ل ٦٥٩،ل ٦٩٨) .

١٠- لە..دەچێ، لە ..ئەكا. یازدە جار بەكار هاتوون .

شیعری خەڵقی كەی دەگاتە شیعری من بۆ نازكی

كەی لە دیقەتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەكا؟!(دیوانی نالی،١٩٧٦،ل٦٦)

واتە : شیعری خەڵكی هەگیز لە ناسكید اناگاتە ڕادەی شیعری من. شیعری من لە چاو شیعری خەڵكیدا وەك تاڵی ئاوریشم وایە لە چاو پەتكدا)) (دیوانی نالی ،١٩٧٦،ل١٧) (ل ١٧،ل ٦٦،ل ٩٧،ل ٩٩،ل ١٠٠،ل ١٠٦،ل ١٠٧،ل ١٠٩،ل ١١١،ل ١١١،ل ٤٦٩) .

**ئەحوەلی تەفرەقە نەڤەر تەقوییەتی سەبەب دەكا**

**عاریفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەكا** ... (دیوانی نالی،ل٩٧)

بۆ هاوبەش بۆ خوا دانان، وەك چۆن ئەوەی چاوی ڕاستەقینەی خێل بێ یەكی بە دو دێتە پیش چاو)) (دیوانی نالی ،١٩٧٦،ل ٩٧.)

**١١ - چون ، وەكو: چواردە جار بەكار هاتووە :**

**چ شەو ،چ ڕۆژ ؟وەها كورتی لەهو و لەعب و میزاح**

**كە هەردو وەك یەكە چون بە نەغمەیی بەم و زیر .** (دیوانی نالی،١٩٧٦،ل٢٠٦)

**بۆ زوڵف و ڕوح و ئەبرووی چون زولفی سیاتان**

**عالەم وەکو "نالی"هەمو با ناڵەوو ئاهن .** (١٩٧٦دیوانی نالی ،ل. ٣٤٥ )(ل ٤٥،ل ٤٩،ل ٩٥،ل ١٥٥،ل ١٥٥،ل ١٥٥،ل ٢١٩،ل ٢١٩،ل ٢٣٩،ل ٣١٣،ل ٣٤٥،ل ٣٥٦،ل ٤٤٧،ل ٤٦٥)

١٢ـ دەڵێی : هەژدە جار بەکار هاتووە: :

**چ مشت و پەنجە ؟ وەکو مشتی شانە ڕەق کە دەڵێی**

**لە شانی دا نەبووە دەست و بردی کوشت و گیر** .(دیوانی نالی ، ١٩٧٦،ل٢١١.)(ل ١٢٤،ل ٢٤٣،ل ٢٦٦،ل ٢٨٣،ل ٣٨١،ل ٤٤٨،ل ٤٥٥،ل ٤٨٧،ل ٤٩٠،ل ٤٩٥، ل ٤٩٥،ل ٤٩٩،ل ٥٥٢،ل ٦٣٧،ل ٦٣٧،ل ٦٩٥،ل ٦٩٥).

١٣--مینا : چوار جار بەکار هاتووە:

**کور ئایینەی حوسنی، تا وەك کچە ، مەنقورە**

**گرتی کە غوباری مو چینی کور مینا کچ**(ل ١٦٠) (ل ١٦٠،ل ١٦٧،ل ٣٦١،ل ٥٩٠).

١٤– مانەندی: یەك جار بەکار هاتووە.

**دولبەرێکم هەیە مەشهورە بەبێ مانەندی**

**بێشك و شوبهە ، خودا شاهیدە ، مانەندی نییە** .(دیوانی نالی ، ١٩٧٦، ل٥٩٣)

١٥– نەڤیری: یەك جار بەکار هاتووە.

**"سەیوان"نەڤیری گونبەدی کەیوانە سەبز و ساف،**

**یاخۆ بووە بە دائیرەی ئەنجومی قوبور؟!**

واتە وەك چۆن گومەزی شینی ئاسمان کە ئەستێرەی زوحەلی پیوە دیار بێ...ئاخۆ گردی سەیوانیش هەروا سەوز و سافە وەك جاران و گۆری کەسی ـ دیارە لەبەر کەمی گۆرەکان))(ل ١٨٦–١٨٧) .

١٦ – – تەرز : چوار جار بەکار هاتووە.

**سوروشکم ئاب و دانری نارە ، کێ دێ :**

**بە گەرمی داوەرێ بەم گەرزە تەرزە؟!** (دیوانی نالی،١٩٧٦،ل٤٤٨)(ل ٣٦١،ل ٤٤٨،ل ٤٤٨،ل ٤٦١).

١٧–ئاسا: یەك جار بەکار هاتووە.

**ئەلا ئەی نەفسی بم ئاسا، هەتا کەی حیرصی ویرانە!**

**لەگەل ئەم عەشقبازانە برۆ بازانە ئازانە!** (ل ٤٨٢)

١٨– هەروەکو: بە مەپەل ،عەینی:

**شەو نائیم و قائیم عەلەمی بابی رەچا بی**

**بی دیە هەلستێ بە مەپەل عەینی عەصا بێ** (ل ٧٣)

١٩– شیوەی : لە دیوانی "نالی" دا سێ جار هاتووە.

عەکس زولفك قدحی دیدەی گریانمدە

نشئەی سنبل تر ،شیوەی نیلۆفری وار. ئەم دوو نیوە دیرە بە هەر چوار زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسی نووسراوە.واتە وینەی زولفت لە پیالەی چاوی پر لە ئاوی فرمیسکمدا،نەشئەی سومبولی تەر و شیوەی گولە نیلۆفەری هەیە(ل ٢١٨).

یادی"کانی دم دم" سەرچاوەکەی"میکوز" دەکا


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

"بەکرەجۆ"ی چاوم کە شیوەی"سەرچناری"ی گرتووە.(ل٥٤٢)

٢٠- "گیبی": لە زمای تورکیدا ئەم ئەوزارە بە واتای "وەکو" دیت:،لە شیعرەکانی "نالی"دا سێ جار هاتووە.

تیر ناز نگەهەك هر دلە نیجە یری وار

عاشقك پاینە زولفك گیبی یوزبك سری وار .(ل ٢١٧)

ئەنجام :

١- ئەوزار گرنگی خۆی هەیە لەلێکچواندندا بوونی لە زۆرحاڵەتدا پێویستە ،هەروەکو لەکاتی نە بوونیشیدا،وەکو شتێکی مەعنەوی بوونی خۆی دەسەلمێنێت .

٢- لە دیوانی "نالی"دا بەشێك لە ئەوزارەکان هاتوون بەڵام هەریەك لەعەلائەدین سەجادی و عەزیز گەردی وەکو ئەوزار ئاماژەیان پێ نەکردووە ،هەروەها بەشێکیان "سەجادی" و"گەردی" ئاماژەیان پێکردووە بەڵام لەدیوانی "نالی"دا بوونیان نییە.

٣- جگە لەو ئەوزارانەی کە مامۆستا "عەلائەدین سەجادی" و "عەزیز گەردی" دەستنیشانیان کردووە زاراوەو وشەی دیکە لەدیوان وهۆنراوەی شاعیران بەدی دەکرێت وەکو (وەش ،مینا ، تەبا).

٤- ئەوزار لەلێکچوواندندا لەشیعری دیالێکتەکانی کرمانجی باشور و کرمانجی باکور و دیالێکتی گۆران ، هەمان ئەوزار بەدی ناکرێت کە لەدیوانی "نالی" دا هەیە .

٥ "نالی"ئەوزاری بە زمانی عەرەبی و فارسی جگە لە زمانی کوردی بەکار هێناوە لە شیعرەکانیدا، هەروەها ئەوزاری کوردی و عەرەبی بە یەکەوە بەکارهێناوە .

٦ – لە دیوانی "نالی "دا دوو ئەوزار بە دوای یەکەوە بوونیان هەیە ،یەکیان کوردییە ،ئەوی دیکەیان عەرەبییە"وەکو عەینی" یان هەردووکیان عەرەبین""بە مەپەل عەینی" ،

٧- ژمارەی ئەوزارەکان: بەگشتی٤١٥ جار ئەوزار لەدیوانی "نالی" دا بەکار هاتووە.

٨ – "نالی" شاعیر بەپیی ئەوەی شیعری بە زمانی تورکی هۆنیوەتەوە ئەوزاری "گیبی" کە لە زمانی کوردیدا بەرامبەرە بە" وەکو" سێ جار بەکار هیناوە.

**لیستی سەرچاوەكان :**

**١-ئەوزاری لێكچواندن لەشیعری كوردیدا ، لیكۆلینەوە، سەردار ئەحمەد گەردی ، م. ی ، بەشی زمانی كوردی ، كۆلیجی پەروەردە ، زانكۆی سەلاحەدین ، هەولێر.**

**٢- دیوانی نالی، مەلاعبدالكریمی مدرس و فاتح عبدالكریم ، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد-بەغدا،١٩٧٦.**

**٣- تێكستی ئەدەبی كوردی، د.محەمەد نوری عارف،سلێمانی،١٩٧٨.**

**٤- خۆشخوانی ، عەلائەدین سەجادی ، بەغدا ، چاپخانەی مەعارف ، ساڵی ١٩٧٨.**

**٥- ڕەوانبێژی لە ئەدەبی كوردیدا،عەزیزگەردی،بەغداچ (دارالجاحظ) ، ١٩٧٢.**

**٦- هونەری شیعر،ئەرەستۆ ،و. عەزیزگەردی،سلێمانی،٢٠٠٤ .**

**٧- فەرهەنگی "شیرین"ی نوێ،فازیل نیزامەدین، سلێمانی،٢٠٠٧ .**

**لیستی سەرچاوە عەرەبییەكان:**

**١- قران الكريم ، جزء الثاني ، سورة البقره.**

**٢ -البلاغة العربية، مقدمات وتطبيقات ، د. بن عيسا باطاهر،ليبيا،٢٠٠٨.**

**٣ - كتاب اسرار البلاغه ، الشيخ الامام ابى بكر ، عبدالقاهر بن عبدالرحمن محمد الجرجانى النحوى ، قاهره ، سنه ١٩٩١ .**

**٤- المرشد فى البلاغه ، نبيل عبدالقادر الزين ، الاردن ـ عمان ، سنه ١٩٦٦ .**

**الخلاصه :**

**يعتبر التشبة من أهم أجناس البلاغه، ولم يفترقا للغويون بين التشبيه والتمثيل و يتكون التشبيه من المشبه والمشبه به و الوجه التشبه والاداة اوالالية التشبيه و حيث ينتمي ألتشبيه إلي علم البيان ،التشبيه هو فن من فنون الكلامية، يدل التشبيه علي مشاركة في صفة او من صفات مشتركة ،لايجوز الاشارة الي واحدا" من المشبه و المشبه به، و إذا حذفو احدا" منهم في آنذاك تكون الاستعارة وليس التشبيه. والاداة في الادب العربي تاتي كالاسم أو الفعل أو الحرف، وظيفة الاداة هو الجمع بين شيئين أو أكثر، ينقسم التشبيه من حيث ألاداة إلي القسمين "مرسل و مؤكد". التشبيه المرسل: هو ما ذكرت فيه أداة التشبيه ، وألتشبيه المؤكد: وهو ماحذفت منه أداة التشبيه، وإذا حذف الاداة يجعل التشبيه اكثر مبالغة وتأكيدا".في الادب الكوردي هناك شعراء كلاسيكين خصوصا في عهد الامارة البابنية أمثال "نالي" و"سالم" و"مصطفي بيك" الكوردي ، بارعوا بشعرهم خصوصا" في مجال التشبيه ، و "الاداة" وانواعه ألا وهي ألموضوع ألمراد تحليله في البلاغة وخصوصا في الشعر الكلاسيك الكوردي ،وكان للشاعر نالي دور وحصة الاسد في هذا المجال، في ديوان شعره ، حيث استعمل كمية هائله من الاداة الذي هوموضوع بحثنا هذا، يتكون البحث من مقدمه و مبحثين والنتيجة وقائمة المصادر. فيا لفرع الاول من المبحث الاول تحليل والتعريف المشبه و المشبه به والوجه التشبيه والاداة التشبيه. في الفرع الثاني من المبحث الاول بيان موقع الاداة التشبيه بين المشبه و المشبه به و الوجه التشبيه. اما في المبحث الثاني انواع الاداة التشبيه المستعمله عند الشعراء خصوصا في ديوان الشعر للشاعر"نالي"، و في الفرع الثاني ، إحصاء للانواع الاداة المستعمله في ديوان الشعر للشاعر المذكور ، طريقة منهج البحث هي التحليل الاحصائي لكل نوع من الاداة التشبيه. في ديوان الشعر للشاعر الموهوب "نالي" .**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

Abstract

The theme of this research isThe analogy is one of the most important genres of communication, and the linguists did not distinguish between analogy and representation. The analogy consists of the likeness, the likeness, the analogy, the instrument, or the analog mechanism, and where the analogy belongs to the statement. The analogy is an art of verbal arts. The analogy refers to participation in a characteristic or common characteristic , It is not permissible to refer to one "of the likeness and likeness thereof, and if one is deleted" of them at that time shall be metaphor and not analogy. The tool in Arabic literature comes as a name, verb or character, the function of the tool is to combine two or more things, the analogy is divided in terms of the instrument to the sections "sender and certain". In the Kurdish literature, there are poets of classics especially in the era of the Babylonian emirate, such as Nali, Salem, and Mustafa Bek, the Kurds, who are especially skilled in their hair. "In the field of analogy, and" tool "and types, which is the subject of Almrmad analysis in rhetoric, especially in the Kurdish poetry, and the poet Nali role and the lion's share in this area, in his poetry, where he used a huge amount of the tool that is the subject of this research, Search from the presenter, two sections, the result and the list of sources The first section of the first section analysis and the definition of the likeness and likeness of the face and the analogy and analogy. In the second section of the first section of the statement of the site of the analogy between the likeness and likeness and the face analogy. In the the second section of the types of analogy used by poets, especially in the poetry of the poet " Nali ", and in the second section, a statistic of the types of tool used in the poetry of the poet mentioned, the method of research methodology is the statistical analysis of each type of analogy tool. In the poetry of the talented poet "Nali."


e-ISSN (2522-7130)　　p-ISSN (2410-1036)